# ڕەخنە لە زانستی نە زانستیی ماموٚستا" سجادی"

نووسینی ح. ئه یوب زاده

"کتێبی زیندەوەر"

ڕەوانشاد ماموٚستا "علاالدین سجادی" نوسەرێکی بە ناوو دەنگی باشوری کوردستانە. کۆمەڵێك کتێبی لە بابابەتگەلی جۆراوجۆردا نووسیوە. شارەزای زمانی کوردیی و عەرەبیی بووە. کتێبی مێژووی ئەدەبی کورد و پەندی پێشینانی ماموٚستا بەنرخترین بەرهەمەکانێتی.

ئاخر کتێبی ماموٚستا سجادی بە ناوی « زیندەوەر» لە لایەن دەزگای چاپی" ئاراس" بۆ دووهەم جار و بۆ جاری یەکەم لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی کوردستان چاپ کراوە و هەموو دەتوانن لە ئێنترنێتدا بە خۆرایی ( بەلاش) دایبەزێنن.

دەمەوی لەو وتارەدا بەکورتی نێوەرۆکی ئەو کتێبەی ماموٚستا سجادی کە بە وتەی خۆی

« کردوویەتە بەڵگە و پێناسەی نەتەوەی کورد» لەو پێوەندییەدا هەڵسەنگێنم.

زۆرمان  بیستووە لە " زانا" یان کە گوایە: «  ئیبراهیم پێغەمبەر کورد بووە، نادرشا، کورد بووە، سەفەوییەکان کورد بوون، ژنەکەی ئەسکەندەر کورد بووە، شیرینی ژنی خەسرەو پەرویز و سیمیرامیس خاوەنی باخی بەراوەژووی ( هەڵاوەسراو) سمیرامیس کورد بوون. کاوەی ئاسنگەر کورد بووە. رۆستەم کورد بووە. نوح و زەردوشت کورد بون» و سەتان رەمز و هەیکەلی دیکە کە بۆ کورد کراونەتە بەڵگەی مێژوویی. تۆ بڵێی هەموو ئەم « هەیکەل و پەیکەر و بەڵگە مێژوییانە» لە رابردوودا بووبن یان دروستکراون؟ زانایەکی مەزن  دەڵێ، بە گومانەوە لە هەموو تشتێ بڕوانە. کاتێ کە زانست و تێکنیك بۆ پشکنین و هەڵسەنگاندن  دێنە ئاراوە، پەیکەری دەنگۆ و سازکراو دەتوێنەوە و ئەوەی سەردەمێك بایەخدار دەزانرا بێبایەخ دەردەچێ و خەرجەکەشی لەسەر کورد بە گران دەکەوێ.

مستەفا کەماڵی گۆڕین واتە ئاتاتورك، ساختەچییەکی زۆرزان بوو. ئەو کابرایە بە پارەیەکی زۆر و کەڵك وەرگرتن لە پسپۆرانی ئوروپیی گەلێکی بە درۆی سازکرد و ناوی" تورکی بەختەوەری" لەسەردانا. پسپۆرەکانی کەماڵ بەگ بەجۆرێك لەو درۆکردنەدا شوویان لێ هەڵکێشا کە وێنەی نەدیتراوە. گوتیان ئەوەی ترك نەبێ، نییە. بۆ ئەوەش کتێبیان نووسی ، بەڵگەیان داتاشی و نەتەوەکانی دیکەیان

تواندەوە. زانایانی وەکو سینا ، فارابی، مەولەوی، رازی و پیاوانی ئایینیی نەتەوەکانی دیکەیان بە ترك لە قەڵەم دان. تەنانەت لە وەرگێرانی ئەنسیکلۆپێدیای لاروس‌دا هەموو ئەو روداوە مێژووییانە کە بە زیانی ترکان نووسراون  و راستیش بوون دەرهاوێژران.
ئاکامەکەشی ئەوەیە، ئەمرۆ کەس لە جیهاندا باوەر بە نوسراو و قەول و بەڵێنیو هەڵویستی سیاسیی و بازرگانیی ترکان ناکا.

بەداخەوە زۆر لە نووسەرانی کوردیش کەوتوونە نێو ئەو گێژاوەوە، تێیدا دەخولێنەوە و لێی دەرباز نابن.

لە وانەیە ئەو کەسانە بە نییەتێکی خاوێن و هەستی دڵسۆزیی ومەزنخوازیی نەتەوەیی بکەونە نێو ئەو گێژاوە. بەڵام لەراستیدا ئەم کارە بە زیانی کورد تەواو دەبێ. بۆ ئەوە  زیاتر لەو مەسەلە گرینگە بدوێین پێویستە نموونەگەلێك بخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەرێز.

دەڵێن سەفەوییەکان کورد بوون. بەلگەش ئەوەیە کە  شێخ سەفیەددین ئەردەوێلیی، باپیرەگەورەی  سەفەوییەکان، بە کوردیی و بە زاراوەی گۆران چەند کۆپلە شێعری گووتووە. ئەو شێعرانەش لە فڵانە کتێبدا نووسراون. ئەمە بوو بە بەڵگەی مێژوویی. میژوو خولقێنی ساختەچی بە خەیاڵ بەو چەند کۆپلە شێعرە کە نازانرێ کێ گوتوویە ، هی چ سەردەمێکە و نووسەرەکەی کێ بووە، بە شێخ سەفیی ترکیەوە دەنووسێنێ و دەیکا بە کوردێکی عارف و پیاوچاکی کورد و سیلسیلەی سەفەویی دادەمەزرێنێ. نووسەری کوردی تامەزرۆی سەروەرییش کە هەموو ئاسەواری داگیر کراوە ، یان لێی تەفروتونا کراوە ، دەیەوێ خۆی لە ئاوێنەی رۆژگاردا ببینێ، ئەم خەبەرە بێ بناخەیە وەردەگرێ و دەیکاتە پێناسەی هەبوونی خۆی، بێ ئەوە لە بەڵگە ی مێژوویی دیکە بروانێ و راستیی و ناراستیی ئەو خەبەرە بزانێ.  بەم پێیە کیانێك لە مێژوودا کە ئێستا نییەتی و تامەزرۆی هەبوونێتی پێك دێنێ . دوژمنی ساختەچی کە درۆکەی جێ بگرێ بەم کارە دوو مەبەست دەپێکێ . یەکەم ئەوە کۆرد بە مرۆفخۆر و خوێنرێژ لەقەڵەم دەدرێ و لەلایەکی دیکەشەوە ساویلکە نووسەری کوردیش بەو باوەرکردنی ئەو درۆیە، خۆی دەکاتە خودانی ئەم گەلەگورگە و بە دووپاتکردنەوەی ئەو درۆیە لێی لەقاو دەدەن کە مێژووی کورد هەموو ئاوا ساختەیە و لە بنەرەتەوە  مێژووەکە ی ناراستە. نووسەری کورد لە خۆی ناپرسێ کە هەبوونی گەلە پاشایەکی مرۆڤخۆر  کە گەلانی دەسەڵاتداری دیکە لە بن دەستی ئەو بنەچەکەیەدا ژیابن  چ سوود و شانازییەکی بۆ کورد هەیە؟

 لە سەرانسەری مێژووی ئێرانی پاش ئیسلامدا تەنیا پەهلەویی فارس بووە و زەندییەکانیش کورد. ئاو بێنەو دەستان بشۆ. باقی دیکە خوارزمەکان، غەزنەییەکان، تەتەرەکان، مغولەکان، نادرییەکان،

سەفەوییەکان، قەجەرەکا هەموو ترك بوون و ئەوەی ئێستاش واتە خەمنەیی ترك. ئەمانە نە بۆ ترك جێی شانازین نە بۆ فارس .

ئەم بنەچەکە جینایەتکارە کە بۆ کوردی دەکەنە گەلەپاشا، نە فارس، نە ئازەریی ، نە رووس و نە هەرمەنیی لەخۆیانی دەزانن. زنجیرەی ئەم جینایەتکارانە لە مێژوودا گەورەترین تاوانی دژی بەشەرییان دژ بەکورد کردووە و ئاغا محەمەد خانی قەجەر کە 40.000چاوی خەڵکی کرمانی هەڵکۆڵی لەچاو ئەوان گاندی بووە. بەڵام بۆ بە کوردییان لەقەڵەم دەدەن دەلیلەکەی وەکو لەسەرەوە باس کرا روونە و بەم کارەش هەستی وەخۆ هاتنەوەی کورد دژی جینایەتکارانی مێژوو و هەوڵ بۆ رزگاریی لە دەسەلاستدارانی ئێستا کە پاشماوەی ئەو گەلەگورگانەی پێشوون بەربەست دەکرێ و لەلایەکی دیکەشەوە کورد لە مێژوودا بە خوێنرێژ دەناسێندرێن و گەلانی دیکەیان لێدەترسێنن. دەنا سەفەویەو کورد کوجا مەرحەبا.

لە 500 ساڵ لەمەو بەرەوە زێدی کورد و ئازەریی و فارس فەرقێکی ئەوتۆی نەکردووە. مەگەر ئەوە کە سەفەوییەکان کوردیان رادابێ و کۆچی زۆرەملییان بۆ خۆراسان پێکردبن. ئەو شوێنەی شێخ سەفی و شاهەباس و شاسمایل لێوەی هاتوون و عەشیرەتەکەیان لێی نیشتەجیێ بوون کوردی لێ نەبووە و ئێستاش کوردی نەچۆتێ. بەلام هەتا بڵێی کوردیان کوشتووە. لە موکری قڕانەوە بگرە، هەتا شەری هەموو کوردان و یەك لەوان شەری شای لپ زێرین لە نزیك ورمێ وقەڵای دمدم ، کاولکردنی کوردستان و فەوتاندنی حکومەتە ناوچەییەکان و بەشکردنی کوردستان لەنێوان سەفەوییەکان وعوسمانیدا بەرهەمی ئەو پاشایەتییە بووە کە بۆ کوردی ناو دەبەن( بروانە شەرەفنامەی شەرەفخان بدلیسی). لەراستیدا ئەوانە نەکورد بوون و نە فڕیان بە کوردەوە بووە و نە دێرێکیان بە زمانی کوردیی زانیوە و نە لە دەرباریان دا بە زمانێکی دیکە جیا لە ترکی و فارسیی دواون.

ئەگەر کەسێك بییەوێ لە مێژووی مرۆڤخواردن بکۆڵێتەوە پێویست ناکا بەرەو لێرەوارەکانی ئەفریقا و ئامازۆن بچێ و لە مرۆفخۆران بگەرێ. چونکە لە دەرباری ئەم گەلە گورگانەدا مرۆڤخۆر هەبووە. شاسمایل بەردەوام 26-12 مرۆڤخۆری لە بەردەست بووە و بە ئیشارەی ئەو و لەبەر چاوی هەموو حازران مرۆڤخورەکانی بە ددان تاوانبارکراویان خواردووە. جا مێژوو- نووسم دەوێ بوێرێ ئەم گەلەگورگانە بە سەرۆکی خۆی بزانێ و هەولی ئەوە نەدا بە گەلێکی دیکەیانەوە بنووسێنێ. هەرچەند سەفەوییە بە سازکردنی شەجەرەنامە خۆیان بە ئیمامانی شیعەوە کە عەرەب بوون دەنووسێنن.

ئەوە کە کە ئەم گەلە گورگانە سەر بەکام نەتەوە بوون، کاری مێژوونووسان و پەیجورانە. هەبوونی ئەو چەشنە بوونەوەرە لە

مێژووی گەلێکدا جێی سەربەرزی و خۆرانان نییە و کورد بۆ پێناسەکردنی خۆی لە مێژوودا پێویستی بە پاشای مرۆفخۆر نییە. کورد ئەوەیە کە ئێستا هەیە. گەلێکی ئازادیخوازە، خاکی داگیرکراوە، دەیەوێ مافی بەرابەری میللی وە کو هەموو گەلانی دیکەی هەبێ و لە گەل گەلانی دەوروبەریدا بە ئاشتیی بژی. کەرامەتی لەوە دایە شان بەشانی گەلانی دیکە بە مافی یەکسانەوە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆی دەرهەق بە کۆمەڵگای جیهانی بە جێ بێنێ.

زۆر لە نووسەران لە رووی کورددۆستییەوە هەوڵدەدەن لەو ساختەچێتییەدا بەشداری بکەن، خافڵ لەوە کە ئەم کارە چەندە بە زیانی گەلی کوردە. رەنگە تشتێکی ئەو تۆ بە پرۆپاگەندە بکرێتە رەمز و خەلکی ناشارەزاش وەریگرن، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تێکنیك و وەدەرکەوتنی روکاری راستەقینە ئەو ساختەچێتییە دەردەکەوێ. لێرەدا بایەخە روالەتییەکان بە ناراست دەردەچن و ئەوەی زەمانێك ببێتە هێزی بزوینەر بە دژی خۆی دەگۆردرێ.

با بروانینە سەر دوو ئایینی هەرە مەزنی موسایی و عیسایی بەو هەموو توانایی فیکریی و مالییەوە کە لەجیهاندا لێیان دەکرێ و زۆربەی هەرە زۆری خەلکیان لەگەلە، لە بەرامبەر شك و گومانی زاناکان و زانستی پێشکەوتوودا بۆ سەلماندنی هەق بوون و رەوا بوونی وتەکانیان دەکەونە ژێر گوشار.

ئەو پێشەکییە لەپێوەندیی لەگەل مێژوو سازکردن بۆ کورد زۆر لایەنی دیکەش دەگرێتەوە .یەك لەو نووسراوانەی ئەم سەردەمە کە لەو بەشەدا جێی هەیە، کتێبەکەی مامۆستا سجادیە. ئەو کتێبەش بەو روانگەیەوە نووسراوە کە خزمەتی گەلی کوردی کردووە و پێی وابووە، کورد بێ ئەو کتێبە لە ژیاریی و جیهانی پێشکەوتوو دا جێی نییە. بە ورد بوونەوە لەو نامیلکەیە، وێدەچێ کە بەشی زۆری ئەو نووسراوەیە بەرهەمی خەیاڵاتی دور و درێژی خۆی و نووشتەنووس و فێڵباز و گاڵتە و گەپی فەقێیان لە چەقەخانەی مزگەوتان بووبێ. لەو رووەوە بەداخەوە ئەو نووسراوەیە نە بایەخێکی زانستیی هەیە و نە پێوەندیی بە فەرهەنگ و کەلەپووری کوردەوە هەیە.

ئەم نووسراوەیە وەکو نووسراوە کانی مەلا باقری مەجلێسیین و بە شێوەیەکی دیکە کۆنەپەرستیی و نەزانیی پەرەپێدەدا و رێگا دەکاتەوە بۆ نووشتەنووس و شارلاتان کە بەناوی ئەزموونی پێشینییانی کورد، سلامەتیی فیکریی و لەشیی خەلك بخاتە مەترسییەوە.

جێی سەرسوورمانە کە دڵسۆزێکی کورد کات و ساتی خۆی بە دارشتنی کتێبێکەوە خەریك بکا کە جیا لە وەپاشکەوتوویی ، فێڵ و تەڵەکە و خۆرافاتێکی بێز هێنەر ، شتێکی دیکە نییە. لەگەڵ ئەوانەش لە هێندێك بەش دا بەکەم گرتنی کەسایەتی ژن و بە پیس زانینی ژن لە هێندێك حاڵەتی تایبەتیدا کە سروشت بە لەشی بەخشیوە نووسەر

**تا ئەوپەری چۆڵگەی بێ ئەمەگی بە ژن واتە ماکی وەدیهێنەری ژن و پەروەرندەی مرۆڤ  راداوە.**

**با پێکەوە سەرنجێك بدەینە سەر کورتەیەك لەو نووسراوەیەی مامۆستا.**

**سەردێری کتێبەکەی ئاوا دەست پێدەکا: « زانا دانایە دانا توانایە »**

**فیردەوسیی 1000 ساڵ لەمەوبەر گوتی: توانا بود هرکه دانا بود**

**وادیارە مامۆستا سجادی مەبەستی لەو سەردێرەی کتێبەکەی، ئەو وتەیەی فیردەوسی بووبێ.**

**وەرگێردراوی وتەکەی فیردەوسی ئەوەیە: توانایە، ئەوەی زانا بێ. بەداخەوە ئەوەی لەو کتێبەدا وەبەرچاو دەکەوێ نەزانینە و بەس..**

**مامۆستا سجادی لەسەرەتای کتێبەکەی دا ئەم سەردێرەی نووسیوە. « گێتیی زیندەوەر». دەبێ مەبەستی مامۆستا لە گێتیی جیهان یان دنیا بێ.  ئەگەر مامۆستا ویستبێتی وشەیەك بۆ کورد دروست بکا کە جێی جیهان و دونیا بگرێتەوە، لام وایە سەرکەوتوو نەبووە. چونکە وشەی جیهان و دونیا لە کوردییدا زیاتر ناسراون و لە زار و زمان خۆشترن. کورد بۆ ئەو دوو وشەیە سەتان قسەی نەستەق و پەند و مەتەڵی هەیە وەکو : تا دنیا لەسەر پشتی گا و گا لەسەر پشتی ماسیی بێ ، بەختی من لە خەو رانابێ.**

**جیهانێکی پڕ لە خۆشەویستییان وێکرا تێپەر کرد.**

**وشەی گێتیی ، بۆ زمانی کوردیی نامۆیە.  فارس ئەو وشەیە بە شێوەیەکی تایبەتیی بێژە دەکا:« گیتی». گافەکەی وەکو گافی گوێی کوردیی بێژە ناکەن ، بەڵکو وەکو گراویی ، گوڵزار ، گۆوەند بێژە دەکرێ. پیتی" ێ " کە مامۆستا لێی زیاد کردووە لە جێی خۆیدا نییە.**

**هەر وەها ئەو کۆمەلە وشەیە کە مامۆستا سجادیی  بۆ پێناسەی ئەو بابەتە ریزی کردوون لە مانای تەواو بێبەشن و تەنیا لەبەر سەروا لێکی گرێداون و بەس. بروانە:**

**"گێتیی زیندەوەر،  کتێبێکە دنیایەکی سەر بەخۆی گرتووە، لە بارەی گیانلەبەران ، دار و درەخت، گژو گیا ، ئەستێرە و با، کان و دەلیا، کوچك و نرخیا."**

**لەبارەی چاکە و زیانیانەوە ، کەلك و نرخیانەوە هۆش و بیریانەوە چۆنیەتی و ژینیانەوە ، ئەو شتانە تێیایانا هەن، ئەو بەرهەمانە کە ئەیدەن ، ئەو کارانە کە ئەیکەن، ئەو سروشتانە کە هەر هەن. علاالدین سجادی**

**لەسەرەتای کتێبەکەدا مامۆستا سجادی دەنووسێ:**

***[ ئاورێکی بەدڵ بەرەوە بۆ ڕۆژانی رابوردوو؛ نەوەك بۆ تەنها لاپەرەی ڕۆژانی رابردووی خۆت، وەیا هی باوو باپیرانی نزیکی خۆت ، بەڵکو بۆ ئەو رۆژە کە ئادەمیزادە کۆنەکان، وە یا هی باوو باپیرانی نزیکی خۆت ، بەڵکو بۆ ئەو رۆژە کە ئادەمیزادە کۆنەکان، وە یا بە گوزارشتێکی تر باوو باپیرە هەرە کۆن و پێشینەکانی خۆت و ئەو ئادەمیزادانە کە ئێستە هاوچەرخی خۆت و نزیکی رابردوانی خۆتن کە چۆن تا ئەو هەرەکۆنانە بە سادەیی رایانبواردووە؟ . و چۆن لە ژێر دەوارا رایانبواردووە، بە ڵکوو شوێنی ستاریان لە گۆشەی مەغار و لە سێبەری دارا بووە!. بەرەبەرە تا ئەژیانە ساویلکەیان گۆریوەتەوە بە ژیانێکی چکێ پێشتر لەو ژیانە . ئەم یاسای گۆرانە ، وەیا ئەم چەرخی دەورانە هیچ لە گێج نەوەستاوەتەوە، هێندێ جار بە نەرمی ، وە یا بە توندی هاتووە و سووراوەتە وە تا سەرە گەیشتۆتە سەر ئێمە و سەر رووپەری ئەم چەرخی ئێمە. لەم چەرخەدا بیری تیژی ئادەمیزاد بە خۆی و بە لەشەکەیەوە خە ریکە ئەفرێ بۆ ئەو شوێنە دوورانەی مەڵبەندی باووباپیری ، بۆ ئەو شوێنانە کە لەپێشێکی زۆر پێشا ناوەکانی دۆزیوەتەوە و ئێستە ئەیەوێ بزانێ چ ناوێك لەو ناوانەدا هەیە؛ ئەوشوێنەش بارساییە " بوێش – کەون" یەکانی مانگ و ناهید- زۆهرە و بارام – مریخ و تیر – عوتاردە!...]***

**ئەم پێشەکییە هەروا درێژەی هەیە، بێ ئەوە مامۆستا مەبەستێکی رون و خویای دیاری کرد بێ. مامۆستا سجادی باس لە شتێکی ئەتۆ ناکا کە مرۆڤی ساویلکەش نەیزانێ . پێی وایە بەرهەمەکەی ئاکامی تاقیکارییە کە مرۆڤ پێی گەیشتووە. هەرچەند ئەمە راستە بەڵام ئەو شتانەی کە مامۆستا بە ئەزموونیان دەزانێ لە دنیای ئەمرۆدا خۆرافات و نەزانیی بێ ئەملاولایە. کەسانێك بروایان بەو جۆرە شتانە بێ، دەبنە گاڵتەجاڕی خەڵك. بۆ نموونە لە لاپەری 9 دا مامۆستا سجادی دەڵێ:**

***[ " ئەگەر مووی ئافرەت بە درێژی بخرێتە ناو دەریا ئەبێ بە ماری ئاوی".***

***" پەرۆی حەیزی ئافرەت بە دوای کەشتی دا هەڵبواسرێ نە با ئەچێتە ناو ئەو کەشتییە نە شەپۆلی ئاو".***

***" ئەو مناڵەی کە لەکاتی پەیا بوونیا گوو ئەکا ، ئەو گووەی ووشك بکرێتەوە و بهارێتەوە ، ئەو کەسەی کە چاوی سپی بووە بیهێنێ بە چاویا چاك ئەبێتەوە".***

*"ئەگەر چڵکی دەست وپێی ئادەمیزاد بە ئاو بشورێ و ئەو ئاوە بدرێ بەو کەسە کە خزمەتکار و دەست و پێوەندی هەیە، لە پاش ئەوە کە خواردیەوە دەست و پێوەندەکەی ئیتر زۆر خۆشیان ئەوێ".*

*"ددانی مردوو هەڵبواسرێ بە یەکێکا کە دانی ژان بکا، ژانی دانەکەی ئەشکێ". لاپەڕەی 10*

*" ژنی بێ نوێژ ئەگەر هەور بە ئاسمانەوە بوو ، ئەو ناوکی دەرخا هەورەکە ئەرەوێتەوە". 11*

*" ژنی خوێن کەوتوو ئەگەر سەیری ئاوێنە بکا، ئاوێنە کە لێڵ ئەبێ" لاپەڕە 11*

*" ئەگەر یەکێ خوێنی لوتی پژا ، ناوی خۆی بەو خوێنە بنووسێ و لە بەرامبەر خۆی داینێ و سەیری بکا خوێنەکە ئەوەستێتەوە"]*

ئەم چەند نموونەنەیە کە لێرەدا نوسران ئەو دەستوورە هەرە گرینگانەن کە مامۆستا بە ئەزموونێکی گەورەی مرۆڤی کوردی دەزانێ و پێی وایە گەلانی دیکەش دەبێ بزانن کە کورد لەو زانستە بێبەش نەبووە کە ئەوان بوویانە.

مامۆستا *سەجادی* لە پێشەکییەکەیدا ( لاپەرەی 4) هەروا دەنووسێ:

*[" ئەم تاقیکردنەوەیە کە هەموو ئادەمیزادی پێگەیاند ، بەرەبەرە ئادەمیزادەکەی خستە سەر باری نەتەوایەتی و نەتەوایەتی تیا پەیدا بوو، هەر نەتەوەیەك بە ئەندازەی دەسەڵاتداریی تێگەیشتنی خۆی پەلاماری دا. من لام وایە نەتەوەی کوردیش بێبەش نەبوو لەو بەهرەیە. بەڵام نەخراوەتە سەر قاقەز. ئەوا من ئەمجارە بە ئەندازەی دەسەلات کەوتمە سەر ئەوبیرە کە پەیرەوی کردنی نەتەوەی کوردیش بۆ ئە تاقیکردنەوەی بکەم بە شتێکی دیاری و پیشانی نەتەوەکانی تری بدەم بۆ ئەوە تێبگەن بۆ ئەوە نەتەوەی کوردیش لەو مەیدانە بە چالاکانە توانیویە تی تا ئەندازەیەك هەنگاو باوێژێ و و بکەوێتە ناو کۆری ئەو نەتەوانە کە ئەوانیش لەو جۆرە مەیدانانەدا ئەسپی خۆیانیان تاو داوە، بەو بۆنەوە ئەم شتانەی کە لەبیری کوردی هەڵێنجراون ... وەیا دوور نییە هەندێکی بیری نەتەوەیەکی تر بێت وەریگرتبێ من خستمە سەر لاپەرەی کاغەز و پێشکەشم کرد. ]*

مامۆستا لە درێژەی پێشەکییەکەیدا دەنووسێ :

[" ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو جۆرە شتانە وەکو تیشکی رۆژ وانە، چۆن تیشکی رۆژ لەکەس ناگیرێ ، ئەمانەش رێگایان لەکەس ناگیررێ و نەگیراوە ، مەبەست ئەوەیە دووێر نییە بوترێ هێندێ لە و شتانە خۆ لەنووسراوەی نەتەوەکانی ترا هەن هەر کە واتە هی ئەوانە. من دان

**به مەدا نانێم. هەر ئەوەندە دانی پیا ئەنێم کە نەتەوەکانی تر زووتر دەستیان قەڵەمی گرتووە بۆ بووژاندنەوەی زمانەکەی خۆیان. و زووتر شتەکانی خۆیان کۆ کردووەتەوە. نەتەوەی کورد بەڵێ پاش ئەوان کەوتووە...**

**"هەر وە ها منیش لەسەر ئەو هەست ئەو شتانە کە کورد بە تاقیکردنەوە دەمی بۆ بردووە ئەوی دەستی بۆ بردووە ئەوی دەستم کەوت خستمە سەر کاغەز بۆ ئەوە لەو رویەوە دوا نەکەوین . وە لەشێوەی دانانەکەشیا شێوی پیتە ئەبجەدیەکانم گرتووە نە وەك چاشنی شتەکە، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەر یەکێ شتێکی بۆ زوو بۆی بدۆزێتەوە... کە وا بوو پێش هەموو شتێك ئادەمیزاد."]**

**بەداخەوە ئەو کتێبە تەژی لە خۆرافاتە. زۆربەی ئەو شتانەی کە مامۆستا بەناوی زانستی نەتەوەیی کورد نووسیونی بێبایەخن. خۆ رانان بەو بیروبۆچۆونە نە زانستیانە نیشانەیەکە بۆ وەپاشکەوتوویی و ساویلکە بوونی کەسانێك کە بە خەیال جڵەوداری کاروانی کولتور و فەرهەنگی نەتەوایەتین.**

**پێشەکییەکەی مامۆستا سجادی لە باری ئەدەبیشەوە پڕە لە ناکۆکی ، هەر وەها زۆر شتی وای تێدایە کە پێوەندیی بە بابەتەکەوە نییە. مخابن لەباری نووسین و ڕێزمانیشدا کەم و کووڕی فرەس. ئەگەر بمەوێ ئەو بەشەی لێ زیاد بکەم خوێنەر تووشی سەرئێشان دەبێ و بابەتەکە بەرەو درێژدادڕی دەبا.**

**بەداخەوە بەشێك لەو خۆرافات و دەستوررە کە بۆ لەش ساخی لەو کتێبەدا نووسراون بێ حورمەتییە بە ژن . واتە بە دایك و خوشکمان کە ئێمەی پیاو، کری داوێنی ئەوین.**

**بروانە مامۆستا چ کولتورێکی بۆ کورد و ناساندنی گەلەکەی بەوتەی خۆی" <u>خستۆتە سەر قاقەز"</u>**

***[" ژنی بێ نوێژ ئەگەر نزیکی دار و باخ و بێستان و شتە بکەوێتەوە میوەی ئەو باخ و بێستانە بێ کەڵك ئەبێ. ل 11"***

***"ژنی بێ نوێژ ئەگەر هەور بە ئاسمانەوە بوو ، ئەو ناوکی دەرخا هەورەکە ئەرەوێتەوە."]***

**دیارە مامۆستا نەیزانیبوو لە ئوروپا ژن هەموو ناوکیان بەدەرەوەیە ، بەڵام ساڵ دوازدەمانگ هەور بە ئاسمانەوەیە و بە دەگمەن رۆژ دەبیندرێ. جێی رەخنە ئەوەیە کە مامۆستا ئەو شتگەلە بێ بنەمایەی بە سامانی گەل و کولتوری کورد لەقەڵەم داوە. ئەگەر ئەویش وەکو ئاخوند باقری مەجلیسی کتێبەکەی بە ناوی خۆی و ئایینی تاقمێکەوە**

نووسیبایە جێی ڕەخنە نەبوو. پێویست نەبوو مامۆستا  ئەو خۆرافات و تێکەڵ پێکەڵە بە ناوی کورد و کولتوری کوردەوە  نێودێر بکا.

بریا مامۆستا لە بری ئەم جەفەنگنامەیە باسی تایبەتمەندی و کەڵکی دەرمانیی گوڵ و گژو گیای کوردستانی کردبایە. ئەوە هەم خزمەتێکی گەورە دەبوو بە دەردەداران ، هەم تاپۆکردنی کولتوری گەلەکەی بوو بە ناوی خۆی.

لێرەدا هەوڵ دەدەم لە بەشی یەکەنی ئەو کتێبە نموونەیلێ بۆ زانیاریی زیاتر بخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بەرێز.  لەو بەشەدا مامۆستا لەسەر ئاژەل  و کەڵکی دەرمانیی دەدوێ و منیش ئەو بەشە سەرنجراکێشانە بۆ ئەم بابەتە رادەگوێزم.

سەبارەت بە ئاسك :

*[" ئەگەر پشقەلی ئاسك لەگەڵ پێستەکەی بسووتێنرێ و بیهارنەوە پاشان تێکەڵاو بە خواردەمەنی بکرێ، بدرێ بە مناڵ ، ئەو منالە زیرەك و زمان پاراو  و بە زەین ئەبێ."*

*ئەسپ: "ئافرەتێ کە بەزەحمەت منالی ئەبێ تەرسی ئەسپی لە ژێرا بسووتێنن بە ئاسانی منالەکەی ئەبێ."*

*بەراز:*

*" کەڵبەی بەراز هەرکەسە لای بێ لە لای مەردم بەرێز دەبێ. ل 15"*

*مامۆستا نەینووسیوە، ئەگەر مرۆڤ بەراز لەگەڵ خۆی بگێرێ خەڵك چەندەی  رێز بۆدادەنێن.*

*تۆ بڵێی نەیکەن بە پاشا ؟*

*" ئەگەر یەکێ بەرد لە میزەڵدانی دابێ ، تەرسی بەراز بکاتە ناو ئاو و بیخواتەوە ، بەردەکە پارچە پارچە دەرئەچێت."*

*بزن :*

*" ئەلێن شاخی بزن سێ جار ئەم ئایەتەی بەسەرا بخوێنرێ:*

*( یوم تجد کل نفس ما عملت محضرا و ماحملت من سوئ  تود  لو بینها و بینە عمل بعید) پاشان بخرێتە ژوری سەری ژنێکی نووستوو ، بێ ئەوە خۆی پێ بزانێ، پرساری هەر شتێکی لێبکەن کە بیزانێ جواب ئەداتەوە.)"*

**جێی سەرنج بۆ کەسانێك ژنی دەست رویشتوویان هەیە. ل 18*

***پشیله:***

***" یەکێ خوێنی پشیلەی رەش بخواتەوە ژنان زۆر حەزی لێ ئەکەن."***

***حوشتر:***

***نزگەرەئەکا.24 ل***

***رێوی***

***" ئەگەر کەسێ ژانە سەری بێ ، کێری رێوهی بکا بە سەریا ژانەسەرەکەی نامێنێ.***

***کەلبەی سەگ ئەگەر بکرێتە ملی منال بە ئاسانی دان دەرئەکا. 28 ل"***

***کەر:***

***" ئەگەر یەکێ بەرد لە میزەڵدا نی دابێ ، تەرسی کەر بگوشێ ، ئەو ئاوەی لێی پەیدا ئەبێ بیخواتەوە بەردەکە ورد ئەبێ و فرێی ئەدا. 34 ل"]***

**ئەوەی لێرەدا نوسراوە تەنیا لە بەشی یەکەمی کتێبەکە وەرگیراوە. بۆ زانیاری زیاتر تکایە بروانن بەشی دووهەمی کتێبەکە.**